# ئیسماعیل سەردەشتی یان ئیبراهیم تاتلیساس

**کاوە ئەمین**

ستونی (سەرەقەڵەم)ەکەی، لاوەند نەوزاد، لە لاپەڕەی کۆتایی کوردستانی نوێدا(11/28)، کۆمەڵێک بابەتی سەیری کە، لە وڵاتی ئێمە ڕوودەدەن، وروژاندبوو. کاک لاوەند، پێدەچێت بە حوکومی دیموکراتی بوونی، پێی شتێکی ئاسایی بێت کە مرۆڤ حەزی لەچی بێت هەڵیبژێرێت و ڕێگای لێنەگیرێت.

ساڵانێکە بەتایبەتی دوای ڕاپەڕین، بەشێکی باشووری کوردستان خۆی لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەر ڕاپسکاندووە، بەڵام هێرشێکی کولتووری وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، جێگای هێرشی سەربازیی و کیمیاوی و ئەنفالیان گرتۆتەوە کە، بەدڵنیاییەوە کاریگەری زۆر نەگەتیڤ لەسەر فەرهەنگی کوردیی دادەنێن. بەداخەوە دەبێت بڵێم کە کورد خۆی دەستی لە هێنانی ئەم هێرشە کولتوورییە بیانییەدا هەیە، ئەگەر خەڵکێش پێیان وانەبێت، ئەوا بە چاوی خۆمان دەبینین کە چۆن دەرگای باشووری کوردستان خراوەتە سەر پشت و ڕۆژانە بێ سانسۆر، نەوەیەکی کورد لەخشتە دەبردرێن.

گۆرانی و موسیک و ئەدەبیات، وەکو نان خواردن و ئاوخواردنەوە، پێویستییەکی سەرەکی مرۆڤن. کێ بێت لە ئێمە، ئەگەر بەچاوی خۆشمان نەماندیبێت، ئەوا یان بۆیان گێڕاوینەتەوە یان خوێندومانەتەوە کە چۆن هونەرمەندانی نەمری وەک حەسەن زیرەک و سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و دەیانی تر، بە دەنگە خۆش و ڕەسەنەکەیان، خۆشی و ئارامیان خستۆتە دڵی ژن و پیاوی وڵاتی ئێمە.

ئیمرۆ باشووری کوردستان تژییە لە گۆرانی تورکی و عەرەبی و فارسی، کە زۆربەی خەڵکی ئەو وڵاتە تێیان ناگەن. بازرگانەکانی کورد لە بەر خاتری چەند قروشێک، تابلۆکانی سەر هوتێل و چێشتخانە و مەیخانە و ئوتومبێل و نازنم چی و چیەکانیان، بە زمانی عەرەبی دەنووسن. تێڤکان ڕیکلام بۆ کاڵای تورکی و فارسی و عەرەبی، بەبێ دەستکاریکردن، دەکەن. تائێستاش یەک دانیشتن لە ئەنجومەنی شارەوانی کەرکووک بە زمانی کوردی نەکراوە. ئەوەیە دیموکراسی!

وڵاتێکی وەکو فەرەنسا کە دەیان کۆلۆنی لە سەرتاسەری جیهان، هەبووە، ڕێگا نادەن زمانەکەیان بکەوێتە ژێر کاریگەری زمانی ئینگلیزی و تەنانەت وڵاتانی ئەوروپا لەسەر ئەوە کۆکن کە نابێت ڕادەی ئەو فیلم و زنجیرە درامیانەی کە لە ئەمریکاوە دەهێنرێن بگاتە لە سەدا پەنجا، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە کەناڵە دەوڵەتیەکانەوە بلاودەکرێنەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی ئەو فیلم و زنجیرانە، دۆبلاج دەکرێن بۆ نمونە لە وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیا، کەسیش لە دیموکرات بوونیان گومانی نییە. سەدان تۆمارگا لە کوردستان، کاسێتی گۆرانیەکانی تاتلیساسی بە ڕەچەڵە کورد کە هەموو ئاوازە کوردیەکانی گۆڕیوە بۆ تورکی، دەفرۆشن، خۆ ئەوە باسی پورتوقالە ناکەم کە دەڵێن بووەتە وێردی سەر زمانی خەڵک. ڕۆژنامەیەکی کوردی و کوردستانی هەیە، ئەگەر بڵێم هەموو هەفتەیەک، وێنەیەکی نانسی عەجرەم بلاودەکاتەوە، درۆم نەکردووە! ئیتر بۆ ئەگەر تۆمارگەیەکی دەنگ، لە جیاتی کاسێتی برایم تاتلیساس، کاسێتی ئیسماعیل سەردەشتی بفرۆشێت و بدات بەدەمی مشتەرییەکیدا کە تورکی نازانێت، گوناح بێت. خۆزگە زۆربەی تۆمارگەکانی وڵاتی ئێمە، هەر لە دوای ڕاپەرینەوە، بیاندایە بەدەمی هەندێک لەوانەی کە هێندە ئاشقی تورکی و فارسی و عەرەبین، جا با هەر بیانوتایە، کورد نا دیموکراتە. بەڕاست حکومەتی کوردستان کەی بڕیارێک دەردەکات کە تابلۆکانی هەموو شوێنێکی کوردستان بە کوردی بنووسرێن؟

من لە وەڵامی کاک لاوەند کە دەڵێت "ئێوە لایەنگری ئیبراهیم-ن یان سەردەشتی؟". دەڵێم، من لە نێوان ئاواز دزێکی کوردی و کەسێک کە گۆرانی بۆ باڵای "کوردستانی گەورە" دەڵێت و لەسەری زیندانی دەکرێت و قامچی دەخوات، لایەنگری ئەوەی دووەمیانم، واتە کاک ئیسماعیل سەردەشتی.

---

تێبینی: ئەم وتارە لە لاپەڕەی کۆتای ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ڕۆژی 12/5 دا، بلاوکراوەتەوە، **لە ژێر سەردێڕی (لە جیاتی سەرقەڵەم)**.